ئەگەر گەرمایەکی بەتین هەبوو؛ ئەوا نوێژەکان دوابخەن هەتاوەکو (کەش وهەوا) فێنک دەبێتەوە، چونکە گەرمای بەتین لە کوڵان وهەناسە کێشانی دۆزەخەوەیە

لە عبداللەی کوڕی عومەر وئەبی هورەیرە وئەبی زەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «ئەگەر گەرمایەکی بەتین هەبوو؛ ئەوا نوێژەکان دوابخەن هەتاوەکو (کەش وهەوا) فێنک دەبێتەوە، چونکە گەرمای بەتین لە کوڵان وهەناسە کێشانی دۆزەخەوەیە».

[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە - بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- فەرمانی کرد بەوەی کە نوێژی نیوەڕۆ دوا بخرێت لە کاتی بەتین بوونی گەرمادا -کە لە کوڵان وهەناسە کێشانی دۆزەخەوەیە- هەتاوەکو کەش وهەوا فێنک دەبێتەوە بۆ ئەوەی تینی گەرما نەبێتە هۆی ئەوەی خشوع وملکەچی لە کاتی ئەنجامدانی نوێژدا نەمێنێت ئەمیش بەهۆی سەرقاڵبوون بە تینی گەرماوە.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3106